*Journal of Language Studies* Vol. 10, No. 2, Part 2, 2026, Pages (186-203)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.10.2.P2.10

IRAQI Academic Scientific Journals
العراقية المجلات الأكاديمية العلمية

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS

# Classification of Verbs in Kurdish from the Perspective of «William Craft»

**Othman Shakhsa Mama***
**Kurdish Department, College of Education, Raparin University, Rania, Kurdistan Region, Iraq**
osman.shakhsa@uor.edu.krd
&
**Omer Salih Khdir**
**Kurdish Department, College of Education, Raparin University, Rania, Kurdistan Region, Iraq**
Omer.salih@uor.edu.krd

**Received:** 14/12/2025, **Accepted:** 11/01/2026, **Online Published:** 30/06/2026

## Abstract

This study discusses the classification of verbs in Kurdish from the perspective of William Craft (2012). In his theory of aspectual types, Craft relies on two dimensions. First, the time dimension, which refers to the time taken by each action from the starting point to the end and to the result of the action; second, there are the dimensions of change, in which the nature of change includes the circumstances and state of the action. Craft uses a tree diagram to represent both dimensions, each occupying a pole on the diagram. This research aims to identify and categorize the types and subtypes of verbs in the Kurdish language, drawing on Croft's theoretical framework. In this research, four verb types have been identified, which are: "stative verbs, activities, temporals, and accomplishments." Subsequently, for each of these types, several subtypes are presented, and then their points of similarity and difference are examined. In this research, a specific number of examples from the Kurdish language have been randomly selected, which are structurally diverse.

* **Corresponding Author:** Othman Shakhsa Mama, **Email:** osman.shakhsa@uor.edu.krd
**Affiliation**: Raparin University – Iraq.
© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

These verbs, from the perspective of "two-dimensional analysis of aspectual types," are distributed across the types and subtypes. Then, each of these is represented and analyzed according to Croft's tree diagram on both the "x" and "y" axes.

***Keywords:*** state verbs, achievements, activities, accomplishments, Lexical aspect, dimensions

# تصنيف الأفعال في اللغة الكوردية من منظور "ويليام كرافت"

عثمان شخصه مامه

**قسم اللغة الكردية، كلية التربية، جامعة رابرين، رانية، إقليم كردستان، العراق**

و

عمر صالح خدر

**قسم اللغة الكردية، كلية التربية، جامعة رابرين، رانية، إقليم كردستان، العراق**

**المستخلص**

يتناول هذا البحث (تصـــــنيف الأفعال في اللغة الكوردية من منظور "ويليام كرافت – ٢٠١٢")، أن كرافت، في نظريته لتحليل وتصـــــنيف الأفعال المســـــماة «aspectual types»، يعتمد على بُعدين، أولاً، البعد الزمني «time»، ويشـير إلى الوقت الذي يسـتغرقه كل فعل من نقطة البداية إلى النهاية والوصـول إلى نتيجة الفعل؛ ثانيًا، البعد النوعي للتغيير «qualitative»، والذي يشـمل طبيعة التغيير وظروفه وحالة تغير الأفعال. ويســتخدم كرافت مخططًا شـجريًا لتمثيل كلا البعدين، ويشـغل كل بُعد منهما قطبًا من المخطط. يهدف هذا البحث إلى تحديد وعرض فئات وتصـــنيفات الأفعال في اللغة الكوردية وفقا لنظرية كرافت. وقد حددت الدراســـة أربع فئات من الأفعال، وهي: "الأفعال الثابتة، والحركية، والآنية، والمنجزة". ثم، لكل فئة من هذه الفئات، يتم عرض عدة تصـنيفات، متبوعة بأوجه التشـابه والاختلاف بينها. وفي بيانات هذه الدراسـة، تم اختيار عدد من الأمثلة عشـوائيا من اللغة الكوردية، وهي أمثلة متنوعة من حيث الصـحة. قسمت هذه الأفعال إلى فئات وفقا لـــ "التحليل ثنائي الأبعاد لأنواع الجوانب". ثم تم تحليل كل منها وفقا لتمثيل شجرة كرافت على المحورين (x) و(y).

**الكلمات المفتاحية:** الفعل الحالة، الآنية، النشط، المنجز، الجانب المعجمي، الأبعاد.

# پۆلێنکردنی کردار لە زمانی کوردیدا لە ڕوانگەی «ولیام کرافت»ەوە.

م.ی. عثمان شخصە مامە
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی، پەروەردە، زانکۆی ڕاپەڕین ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق
م.ی. عمر صالح خدر
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی، پەروەردە، زانکۆی ڕاپەڕین ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە لە (پۆلێنکردنی کردار لە زمانی کوردیدا، لەڕوانگەی «ولیام کرافت - 2012»ەوە) دەدویت. «کرافت»، لە تیۆرەکەیدا بۆ شیکردنەوە و پۆلپۆلکردنی کردار بەناوی «aspectual types»، پشت بە دوو ڕەهەند دەبەستێت، یەکەم: ڕەهەندی کات «time»، مەبەست لێی کاتی خایەندراوی هەر کردارێکە لە خاڵی دەستپێکەوە بۆ کۆتایی و گەیشتن بە ئەنجامی کردار؛ دووەم: ڕەهەندی چۆنییەتی گۆڕانکارییەکان «qualitative»، کە تیایدا چۆنییەتی گۆڕانکارییەکان، بارودۆخ و حاڵەتی گۆڕانی کردارەکان لەخۆدەگرێت. «کرافت» بۆ نواندنی هەردوو ڕەهەندەکە سود لە هێڵکاری دەرختی وەردەگرێت و هەر یەك لەم دوو ڕەهەندە جەمسەرێکی هێڵکارییەکە داگیردەکات. توێژینەوەکە هەوڵی دیاریکردن و خستنەڕووی پۆل و وەچەپۆلەکانی کردار لە زمانی کوریدیدا بەپێی تیۆرەکەی «کرافت» دەدات. لەم توێژینەوەیەدا چوار پۆلی کردار دیاریکراون، کە بریتین لە: «کردارە وەستاوەکان، چالاکییەکان، دەمەکییەکان و بەجێهاتووەکان»، دواتر بۆ هەر یەك لەم پۆلانە، چەند وەچەپۆلێك خراونەتەڕوو، پاشان خاڵی لێکچوو و جیاوازیان خراوەتەڕوو. لە داتاکانی ئەم توێژینەوەیەدا بەشێوەیەکی هەرەمەکی ژمارەیەکی دیاریکراو نموونە لە زمانی کوردیدا وەرگیراون، کە لەڕووی دروستەوە فرەچەشنن. ئەم کردارانە لەڕوانگەی «شیکردنەوەی دوو ڕەهەندی بۆ جۆرەکانی ئەسپێکت»، بەسەر پۆل و وەچەپۆلەکاندا دابەشکراون. دواتر هەر یەك لەمانە بەپێی نواندنی درەختی کرافت لەسەر هەردوو جەمسەری «x» و «y» نوێنراون و شیکراونەتەوە.

**کلیلە وشەکان**: کرداری وەستاو، دەمەکی، چالاکی، بەجێهاتوو، ئەسپێکتی فەرهەنگی، ڕەهەندەکان.

**پێشەکی**

٠-1. ناونیشان و بواری توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی: **(پۆلێنکردنی کردار لە زمانی کوردیدا لە ڕوانگەی «ولیام کرافت»ەوە)**یە.

٠-2. کەرەستەی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە لە چوارچێوەی زمانی کوردی زاری کرمانجی ناوەڕاستدا ئەنجامدراوە. لە هێنانی نموونەکانیشدا سود لە زمانی قسەپێکەرانی ڕۆژانەی خەڵك و سەرچاوە بەردەستەکانی ئەو زارە وەرگیراوە.

٠-3. ڕێبازی توێژینەوەکە: لەم توێژینەوەیەدا پەیرەوی ڕێبازی وەسفی- شیکاری کراوە؛ هەروەها لە شیکردنەوەی نموونە و داتاکاندا سود لە ڕێبازی گواستنەوە وەرگیراوە.

٠-4. پرسیار و گریمانەی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە هەوڵی دەستخستنی وەڵامی ئەم پرسیانە دەدات: نواندنی جۆرەکانی کردار و پریدیکەیت لەسەر هەردوو ڕەهەندی «t» و «q» بە چ شێوەیەکە؟ دەتوانرێت لەڕێگەی نواندنە درەختییەکانەوە هەست بە جیاوازی کەتیگۆری پۆل و وەچەپۆلە کردارییەکان بکرێت؟ ئەم پۆلە و وەچەپۆلانە لەسەر هەردوو ڕەهەند لە چ خاڵێکدا جیاوازن و لەچ خاڵێکدا لەیەك دەچن؟

٠-5. گرفتی توێژینەوەکە: چۆنیەتی ناسینەوەی پۆل یاخود وەچەپۆلی هەرکردارێك و نواندنیان لەسەر هەردووە جەمسەری «x» و «y» لە گرفتە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیەن.

٠-6. گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە: ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە: پۆلێنکردن، دەستنیشانکردن و دابەشکردنی کردارە بەسەر پۆل و وەچەپۆلەکاندا؛ هەروەها دەستنیشانکردنی تایبەتمەندی هەریەك لەم پۆل و وەچەپۆلانەیە بەپێی تیۆری دوو ڕەهەندی کرافت.

٠-7. ناوەرۆکی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە جگە لە پوختە، پێشەکی، ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان ئەم تەوەرانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت: «کارەکانی پێش کرافت: پۆلێنکردنی کردار لای ئەرستۆتالی، ڕایل و کەنی، زینۆ ڤاندلێر، دایڤد داوتی و کارلۆتا ئمیث، ڕۆبێرت ڤان ڤالین و ولیام فولی؛ شیکردنەوەی دوو ڕەهەندی بۆ جۆرەکانی ئەسپێکت، کردارە وەستاوەکان: وەستای ڕاگوزەر، وەستاوە بەدەستهاتووە هەمیشەییەکان، وەستاوە بۆماوەییە خودیەکان، وەستاوە خاڵییەکان؛ کردارە دەمەکییەکان: دەمەکییە ڕاستەوخۆ گەڕێندراوەکان، دەمەکییە ڕاستەوخۆ نەگەڕێندراوەکان، دەمەکییە دەورییەکان؛ کردارە چالاکییەکان: چالاکییە ڕاستەوخۆکان، چالاکییە ناڕاستەوخۆکان؛ کردارە بەجێهاتووەکان: بەجێهاتووە ڕاستەوخۆکان، بەجێهاتووە ناڕاستەوخۆکان».

## 1-1. ئەرستۆتالی:

پۆلێنکردنی کردار مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و زۆرێك لە پسپۆڕان لە ڕوانگەی جیاجیاوە بە کردەی بەشبەشکردنی کردار هەستاون، ئەرستۆتالی «Aristotle» یەکەم کەس بووە، کە بە مەبەستی جیاوازی خستنە نێوان کردارە وەستاوەکان و کردارە چالاکییەکان، لەسەر بنەمای ڕوودان «event» کاری لەسەر پۆلێنکردنی کردار کردووە. هەرچەندە هەمان زاراوەی بەکارنەهێناوە. (Dowty, 1972: 53-54). هەروەها کردارە چالاکییەکانیش بۆ دوو وەچەپۆلی تر دابەشدەکات، کە پێکدێن لە: یەکەم: ئەو کردارانەی، کە لە کاتی ئەنجامدانیاندا هەڵگری خاڵی کۆتایی سروشتین. وەکو: «ڕوخاندن، سوتاندن، دروستکردن و ...». ئەرستۆتالی ئەو کردارانەی، کە خاڵی کۆتاییان هەیە، بە کرداری تەواو «telic» ناودەبات. دووەم: ئەو کردارانەی، کە هەڵگری خاڵی سروشتی کۆتایی نین. واتە: توانای ئەوەیان هەیە، بەردەوامیان پێ بدرێت. وەکو: «هاتن، چوون، ڕۆیشتن و ...» . و ئەو کردارانەی، کە خاڵی کۆتاییان نییە و توانای بەردەوامیدانیان هەیە، بە کرداری ناتەواو «atelic» دادەنێت.

## 2-1. ڕایل و کەنی:

دوای ئەرستۆ هەریەك لە گێلبرت ڕایڵ «Gilbert Ryle» لە ساڵی (1949) و ئێنتنی کەنی «Anthony Kenny» لە ساڵی (1963) بە شێوەیەکی وردتر و نوێتر کاریان لەسەر پۆلێنکارییەکەی ئەرستۆتالی کرد. بۆ یەکەمجار ڕایل زاراوەی «دەمەکی- achievements»ی داهێنا و کرداری بەسەر دوو پۆلی «achievements» و «بەجێهاتوو-accomplishment»دا دابەشکرد. (Ryle, 1949: 149). بە بۆچوونی ڕایڵ کردار یان لە کاتێکی تایبەتدا دەگاتە ئەنجامێکی تۆمارکراو یان لە ماوەیەکی درێژخایەندا؛ بۆیە کرداری بەسەر ئەم دوو کۆمەڵەی سەرەوەدا دابەشکرد. (ساغری، 1391: 99). پاشان کینی سێ پۆلی «کردارە وەستاوەکان-state verbs» وەکو: «خۆشویستن، تێگەیشتن، سەوزبوون، ترسان، هەستکردن و ...»، «کردارە چالاکییەکان-activity verbs»، وەکو: «گوێگرتن، پێکەنین، گریان و ...» و «performances verbs» وەکو: «فێربوون، دۆزینەوە، بەرزکردنەوە، دروستکردن، برین و ...» دیاریکردووە. (Kenny, 1963: 123).

## 3-1. زینۆ ڤاندلێر:

زینۆ ڤاندلێر «Zeno Vendler»، فەیلەسوفێکی ئەمریکی بواری زمان بوو، کە لەنێوان ساڵانی (December 22, 1921 – January13, 2004) ژیاوە. ڤاندلێر تیۆرێکی دانا بەناوی ئەکشنسارت

«ACTIONSART»، زاراوەکە ئەڵمانییە و واتای «جۆری ڕووداو» دەگەیەنێت. «ڤانلێر» یەکێکە لە پێشەنگەکان، بۆچوونەکەی ڕایڵی تەواوکرد و کرداری لە زمانی ئینگلیزیدا لەسەر بنەمای ئەسپێکتی فەرهەنگی «Lexical aspect» پۆلێنکرد و هەوڵیدا تاکو چوونیەکنەبوونی فرێزی کرداری لە ڕوانگەی ئەسپێکتی فەرهەنگی وەسف بکات. ڤاندلێر پێی وایە، کە دوو تایبەتمەندی لە پۆلێنکردنی ڕووداوەکان جێگەی بایەخن. یەکەم: ئایا ئەم ڕووداوە خاڵی کۆتایی سروشتی هەیە یان نا، کە بە هاوکاری سیمای واتایی [± telicity/ سنورداری] لەیەکتر جیادەکرێنەوە؟ دووەم: ئایا ئەم ڕووداوە پرۆسەی گەشەسەندنی هەیە، کە لەڕێگەی سیمای واتایی [± stage/ قۆناغ] لەیەکتر جیادەکرێنەوە؟ (دانش پژوه، 1392: 61). ڤاندلێر بە پشتبەستن بەم دوو سیما واتاییە کرداری بەسەر چوار پۆلدا دابەشکردووە، کە لە خشتەی ژمارە (1)دا خراونەتەڕوو:

| پۆلی کردار | ± سنورداری | ± قۆناغ |
|---|---|---|
| وەستاو | - | - |
| چالاکی | - | + |
| دەمەکی | + | - |
| بەجێهاتوو | + | + |

خشتەی (1) جۆرەکانی کردار و سیماکانیان لای ڤاندلێر.

مەبەست لە سنورداری، سنورداری کاتە، واتە: هەر کردارێك ماوەیەکی کاتی سنورداری هەیە بۆ ڕوودان، ئەمەش خاڵێکی گرنگە لای ڤاندلێر و پێی وایە، کە دەبێت کردار و یەکە پریدیکەیتییەکانی تر لەسەر بنەمای تایبەتمەندییە کاتییە ناوەکییەکانیان پۆلێن بکرێن. (هوشمند، 1393: 58).

## 4-1. داوتی و سمیث:

دێیڤد ڕۆوچ داوتی «David Roach Dowty»، لە ساڵی (1979)دا کاری لەسەر پۆلێنکارییەکەی ڤاندلێر کردووە، کرداری بەسەر چوار پۆلی «وەستاو، چالاکی، دەمەکی و بەجێهاتوو»دا دابەشکردووە، پاشان داوتی بەمەبەستی جیاکردنەوەی ئەم پۆلانە لەیەکتر چەند تاقیکردنەوەیەکی «tests» خستەڕوو، هەر یەك لەم تاقیکردنەوانە، وەك لە خشتەی ژمارە (2)دا خراوەتەڕوو، لەگەڵ جۆرە کردارێك دەردەکەوێت، کە لە ڕێگەیەوە پۆلی کردارەکە دیاریدەکرێت. (Dowty, 1979: 54). ئەم تاقیکردنەوانە سەرەتا بۆ زمانی ئینگلیزی خرانەڕوو، پاشان لە زۆربەی زمانەکانی تریش بۆ دەستنیشانکردنی پۆلی هەر کردارێك سودیان لێوەرگیرا. (ترابی: 1392: 42). جگە لەم چوار پۆلە کردارەی سەرەوە زمانەوانانی تری وەکو: بێرنارد کامری (Comrie, 1976: 42-43) و کارلۆتا سمیث (Smith, 1997: 29) ئاماژەیان بۆ جۆرە ڕووداوێکی تر کردووە، کە بە کردارە بێئەنجامەکان «Semelfactives» دەناسرێن، کە وەکو ڕووداوێکی تاك تەنیا یەکجار بەشێوەی دەمەکی «لحظەی» ڕوودەدات. بە واتایەکی تر ئەم کۆمەڵەیە، ئەو کردارانە لەخۆدەگرێت، کە بە ڕووداوی تاك قۆناغی «single-stage events» یان بێ ئەنجام «no result or outcome» دادەنرێن. (Carlota S. Smith, 1997: 29). وەکو: «چاوداگرتن، چەپڵەلێدان، پژمین»؛ ئەم جۆرە کردارانە تایبەتمەندی هاوبەشیان لەگەڵ کردارە چالاکییەکاندا هەیە، لەم ڕوانگەیەوە، کە هەردووکیان ئەنجامێکی ناڕوونیان هەیە.

بە بۆچوونی (Levin)؛ ئەم کردارانە لەگەڵ کرداری چالاکی جیاواز نین، چونکە سەرەڕای ئەوەی، کە یەك گۆکردنیان هەیە و دەکرێت دووبارە بکرێنەوە، بەڵام لەبەرئەوەی هیچ گۆڕانکارییەکی دۆخی تیایاندا ڕوونادات، لەگەڵ کردارە چالاکییەکاندا جیاوازییان نییە. لە هەندێك لە سەرچاوەکاندا زیادکردنی ئەم پۆلە دەدەنە پاڵ «داوتی». (شەریفی، 1390: 35). هەندێکی تر زیادکردنی ئەم پۆلە دەگێڕنەوە بۆ «ڤان ڤالین». (ترابی، 1392: 38). لە بەرانبەردا بەشێکی زۆر لە سەرچاوەکان پێیان وایە، کە ئەم پۆلە کردارە لەلایەن کارلۆتا سمیث «Carlota S. Smith» بۆ پۆلێنکارییەکە زیادکراوە. (معزی پور، 1388: 101).

| تاقیکردنەوەکان | وەستاو | چالاکی | دەمەکی | بەجێهاتوو |
|---|---|---|---|---|
| ١. هاوڕێ لەگەڵ ((لەکاتی، سەرگەرمی)) | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ |
| ٢. هاوڕێ لەگەڵ ((بە جددی، بە توندی)) | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ |
| ٣. هاوڕێ لەگەڵ ((بەخێرایی، بەهێواشی)) | نەخێر | بەڵێ | زۆر کەم | بەڵێ |
| ٤. هاوڕێ لەگەڵ ((بۆماوەی یەک کاتژمێر)) | بەڵێ | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ |
| ٥ هاوڕێ لەگەڵ ((لەماوەی یەک کاتژمێردا)) | نەخێر | نەخێر | زۆر کەم | بەڵێ |
| ٦. تاقیکردنەوەی بەردەوامی((progressive)) | زۆر کەم | بەڵێ | زۆر کەم | بەڵێ |

خشتەی (2) هاتن و دەرکەوتنی کردارەکان لەگەڵ تاقیکردنەوەکان.

### 5-1. ڤان ڤالین و فولی:

ڕابێرت ڤان ڤالین «Robert Van Valin Jr» و ولیەم فولی «William A. Foley» لە سەرەتاکانی سەردەی ڕابردوو و بە دیاریکراوی لە ساڵی «1984»دا تیۆرێکیان بەناوی ڕێزمانی ڕۆڵ یان ئەرك و ئاماژە یان سەرچاوە «Roal and Reference Grammar» دانا. (خانی، 1394: 27). تیۆرەکە چەند قۆناغێکی گەشەکردنی بەخۆوە بینیوە و بەردەوام لە گەشە دابوو. تاکو لە ساڵی «2005»دا دوا نوسخەی تیۆرەکەی لە کتێبی «Exploring the Syntax-Semantics Interface»دا خستەڕوو. ئەم تیۆرە لە چەند دروستەیەك پێکهاتووە، کە سەرەکیترینیان دروستەی واتاییە و پۆلێنکردنی کردار لەسەر بنەمای ئەسپێکتە کردارییەکانە و تیایدا کردار ڕۆڵی گرنگ دەبینێت. (شەریفی، 1390: 50). لە دروستەی واتاییدا دانەرانی ڕێزمانی ئەرك و ئاماژە سەرەڕای سوودبینینیان لە پۆلێنکارییەکەی ڤانلێر و تاقیکردنەوەکانی داوتی، پۆلێکی تریان بۆ پێنج پۆلەکەی تر زیادکرد، کە بریتیبوو لە: چالاکی- بەجێهاتوو «Active Accomplishment». هەندێك لە سەرچاوەکان زیادکردنی ئەم کۆمەڵەیە بۆ داوتی دەگێڕنەوە، (ژالە مکارمی، 1400: 79)؛ بە پێچەوانەوە هەندێکی تر پێیان وایە، پۆلی پێنجەم لەلایەن ڤان ڤالینەوە زیادکراوە. (شریفی، 1390: 50).

### 2. شیکردنەوەی دوو ڕەهەندی بۆ جۆرەکانی ئەسپێکت:

ولیام کرافت «William Croft»، پشتگیری پۆلێنی کردار لەسەر بنەمای جۆرکانی ئەسپێك «aspectual types» دەکات، بەڵام لە شیکردنەوەی ڕووداوەکاندا پشت بە دوو ڕەهەند دەبەستێت، کە بریتین لە: ڕەهەندی کات و ڕەهەندی گۆڕانکارییەکان. (Pavlina Kalm: 2016, 11). لەبەر ئەمە ئەو مۆدێلەی، کە دەیخاتەڕوو پشت بەم دوو ڕەهەندە دەبەستێت و ئەم دوو ڕەهەندە لە هێڵکارییەکدا دەنوێنێت، کە جەمسەری «x» ڕەهەندی کات «time» بە کورتکراوەی «t» و جەمسەری «y» ڕەهەندی چۆنییەتی «qualitative» بە کورتکراوەی «q» ئەو هەنگاوانە لەخۆدەگرێت، کە باس لە چۆنییەتی گۆڕانکارییەکانی ڕووداوێك دەکات. لەم نواندنە درەختییەدا ڕەهەندی کات بەردەوامی هەیە، بەڵام ڕەهەندی هەنگاوە چۆنیەتییەکان بە لەبەرچاوگرتنی

جۆری ڕووداو دەکرێت بەردەوام بێت یاخود نا. بەردەوام بوون و نەبوونی ئەم ڕەهەندەی گۆڕانکارییەکان پەیوستە بە یەکە فەرهەنگییەکانەوە، کە باســـی ڕووداوەکە دەکەن. بۆ نموونە: کرداری «بینین» دوو حاڵەت یان قۆناغی هەیە، کە لەســەر جەمســەری «q» ناسێنراون، کە بەشێوەی «نەبینینی شتێك» یان «بینینی شتێك» دەبێت. بۆیە جەمســـەری «q» بۆ کرداری «بینین» دوو خاڵ لەخۆدەگرێت، کە لە هێڵکاری (1)دا دەخرێتەڕوو: ( Croft, 2012: 53).




هێڵکاری (1) نواندنی دوو ڕەهەندی ئەسپێکت.

کرافت، بــاوەڕی وایە، بە لەبەرچــاوگرتنی هێڵکــاری (1) دەتوانرێــت بۆ هەر کــام لە پۆلەکــان، چەنــد وەچەپۆلێك دەستنیشـانبکرێن و خاڵی لێکچوو و جیاوازی ئەم وەچەپۆلانە بە بەکارهێنانی ئەم هێڵکارییە نیشـانبدرێن. ئەم پۆل و وەچەپۆلانەش بریتین لەمانەی خوارەوە:

### 1-2. کردارە وەستاوەکان:

کردارە وەستاوەکان «state verbs»، ئەم جۆرە کردارانە بە پۆلێکی بنچینەیی دادەنرێن و لای هەندێك زمانەوان جەمســـەرێکی پۆلێنکارییەکەیان گرتووە. ئەم کۆمەڵەیە پێچەوانەی کردارە چالاکییەکانن و هەڵگری هیچ جوڵە و چالاکییەك نین و خاوەنی تایبەتمەندیی «نادابنامیکین- Non-Dynamic و لەڕووی کاتەوە بێ سنوورن - Temporally Unbounded». (حسنلوئی، 1388: 48). «نەخۆشـبوون، زانین، باوەڕبوون، خۆشـویسـتن، بیســـتن، ناســـین، تێگەیشـــتن، بەڵێندان و ...» ناوی ئەم چەشـــنە کردارانەن، کە ئاماژە بۆ هەســـت، بارودۆخ، خاوەندارییەتی و شوێن دەکەن و لەکاتی ڕوودانیان پێویستیان بە ماوەیەکی کورت یان درێژخایەن هەیە. واتە: کاتی دیاریکراو و خاڵی کۆتاییان نییە و خاڵی ســـەرەتا و کۆتاییان هاوچەشـــنن. (ترابی، 1392: 38). بۆ نموونە ئەگەر «خۆشـویسـتن»، بخەینە ڕسـتەی «سـەیران پشـیلەکەی خۆشـدەوێت.» واتای ئەوەیە، ئێمە پەسـنی هەسـتی ناوەکی «سـەیران» مان کردووە و هیچ ئاماژەیەك لە ڕستەکەدا نییە، کە باس لە کۆتایی هێنانی ئەم خۆشەویستییەی سەیران بۆ پشـــیلەکەی بکات. (Pavey, 2010: 94). بە ســـود وەرگرتن لەو مۆدێڵەی، کە لەلایەن کرافت و لە نواندنی «t» و «q»دا خراوەتەڕوو؛ دەکرێت ئەم پۆلە کردارە چەند وەچەپۆلێك لەخۆبگرێت و خـاڵی جیاواز و لێکچوویان لەسەر نواندنە درەختییەکە بخرێتەڕوو.

### 1-1-2. کرداری وەستاوی ڕاگوزەر:

وەســـتاوە ڕاگوزەرەکان یاخود ناهەمیشـــەییەکان «transitory states»، ئەم کردار و پریدیکەیتانە ئەرکیان نواندنی ڕووداوێکە، کە بەشێوەی زوو تێپەڕن و دەکرێت لە داهاتوودا گۆڕان تیایاندا ڕووبدات. بۆ نموونە: «توڕەبوون، نیگەرانبوون، نەخۆشـــبوون، تاریکبوون، بێدەنگبوون، تێگەیشـــتن، کراوەبوون، خۆشـــحاڵبوون و داخراوبوون» نـاوی ئەم کردارانەن، دەکرێت کاتی بن و بۆ هەمیشـــە حاڵەتی بەردەوامی نەنوێنن. هێڵکاری (2) نواندنی ئەم گروپە نیشـــاندەدات، لەم هێڵکارییەدا «q» ڕەهەندی گۆڕانکارییە، کە لەم کردارانەدا هیچ چەشـــنەدا گۆڕانکارییەك لە دروستەی ناوەکی کردارەکاندا ڕوونادات، بۆیە لەم ڕەهەندەدا تەنیا یەك خاڵ هەیە و کۆتایی هێڵە پچڕپچڕەکە نیشاندەری دەستپێکی ڕودا و بەردەوامی ئەم شێوە ڕەهەندەی کاتە. (Croft, 2012: 58). بۆ نموونە:

1. دەرگاکە کراوەیە.

2. موسڵمانان باوەڕیان بە ژیانی دوای مردن هەیە.




هێڵکاری (2) نواندنی درەختی کردارە وەستاوە ڕاگوزەرەکان.

### 2-1-2. کردارە وەستاوە بەدەستهاتووە هەمیشەییەکان:

کردارە وەستاوە بەدەستهاتووە هەمیشەییەکان «Permanent acquired states»، لەم کردار و پریدیکەیتانەدا، لەدوای ئەوەی، کە حاڵەتێك یان بارودۆخێکیان وەرگت، ئەم حاڵەت و بارودۆخە تاکۆتایی بەردەوامی هەیە. «زانین، هەبوون، سوتان، بەسەرچوون و شکان» ناوی ئەمجۆرە کردارانەن. بۆ نموونە ئەگەر ڕستەی «3. لقی دارەکە شکاوە.» یان «4. خواردنەکە بەسەرچووە.» وەربگرین، ئەم سیفەتی شکان یاخود بەسەرچوونەکە تا کۆتایی و بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە و هیچ ئەگەرێك بۆ گۆڕانی حاڵەت و بارودۆخەکە نییە. لەم کردارانەدا ڕەهەندی کات «t»و گۆڕانکارییەکان «q» هاوتەریب دەڕۆن و تا کۆتایی بەردەوامیان هەیە. هەروەکو لە هێڵکاری ژمارە (3)دا دەبینرێت. (چراغی، 1392: 50).




هێڵکاری (3) نواندنی درەختی کردارە وەستاوە بەدەستهاتووە هەمیشەییەکان.

### 3-1-2. وەستاوە بۆماوەییە خودییەکان:

لەم چەشنە کردار و پریدیکەیتانەدا، هەر لەسەرەتاوە حاڵەتێکی خودی لە شتێك یان کەسێکدا هەیە و تا کۆتایی تەمەنی ئەم کەسە یان ئەم شتە ئەم حاڵەتە دەمێنێتەوە، لەم کردارانەدا خاڵی دەستپێکی حاڵەتەکە هاوتەریبە لەگەڵ پەیدابوون و هاتنەکایەیی، شت یاخود کەسە. بۆ نموونە: «کوردبوون»، «شیرینی شەکر»، «تەڕی ئاو» یان «سوێر بوونی خوێ» . هەمیشە حاڵەتی زگماکی یان لەسەرەتای هاتنەکایەیانەوە ئەم حاڵەتەیان هەیە و بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە. هێڵکاری (4) نواندنی ئەم چەشنە کردارانە لەسەر هەردوو ڕەهەندی کات «t» و « گۆڕانکارییەکان» نیشاندەدات. (Croft, 2012: 58).




هێڵکاری (4) نواندنی درەختی کردارە وەستاوە بۆماوەییە خودییەکان خاڵییەکان.

بە سود وەرگرتن لە هێڵکارییەکانی (2، 3، 4) دەتوانرێت تایبەتمەندییە جیاواز و هاوبەشەکانی ئەم سێ چەشنە کردارە وەستاوانە نیشان بدرێت، کە دەبێتە هۆی ئەوەی هەموو ئەم چەشنە کردارانە بە کرداری وەستاو لەقەڵەم بدرێن. ئەمەش بۆ ئەو لایەنەوەیە دەگەڕێتەوە، کە ئەو هێڵکاریانەی خراونەتەڕوو بۆ هەموو چەشنەکان، تەنیا یەك خاڵ لەسەر جەمسەری گۆڕانکارییەکان «q» بوونی هەیە. واتە: لەم چەشنە کردارانەدا هیچ جۆرە گۆڕانکارییەك لە دروستەی ناوەکی پرێدیکەیتەکاندا ڕوونادات، هەروەها تایبەتمەندییەك، کە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم کردارانە لەیەکتر جیاواز بن، ڕادە یان ماوەی جیاوازە لەسەر جەمسەری کات «t» . واتە: هەریەك لەم وەچەپۆلانە بەشێوەیەکی جیاواز لەسەر جەمسەری کات دەردەکەوێت. بۆ نموونە: وەستاوە ناهەمیشەییەکان ئەگەری ئەوەیان هەیە لە داهاتوودا حاڵەتەکەیان بگۆڕێت. بۆ نموونە: دەکرێت بڵێین: «لەوانەیە تا دوو کاتژمێری تر دەرگاکە کراوە بێت» . دوای ئەم ماوەیە حاڵەتی کرانەوەکە دەگۆڕێت. هەرچی بۆماوەییە خودیەکان و بەدەستهاتووە هەمیشەییەکانن، ئەم ئەگەرەیان تێدا بەدی ناکرێت.

واتە: لەم وەچەپۆلانەدا گریمانەی ئەوە ناکرێت، کە لە داهاتوودا حاڵەتی کردارەکان بگۆڕێت. بۆ نموونە: کەسێك «کورد» بێت، ئەوە سیفەتی کوردبوونەکەی بۆ هەمیشەییە و لە داهاتووشدا گۆڕانی بەسەردا نایەت. هەروەها بۆ خاڵی جیاوازی نێوان هەردوو وەچەپۆلەکە، دەتوانرێت بۆ ئەگەری ڕاستی و ناڕاستی ئەم پریدیکەیتانە «ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو» سود وەربگرین. بۆ نموونە: ئەگەر پریدیکەیتێکی وەستاوی بەدەستهاتووی هەمیشەیی وەربگرێن، وەکو: «خراپبوون»، گریمانەی ئەوە بکەین، کە «مۆبایلەکەی کوردۆ ئەمساڵ کۆن و شکاوە.»، دەتوانرێت بگوترێت، کە «ساڵی ڕابردوو مۆبایلەکەی کوردۆ کۆن و شکاو نەبووە»؛ بەڵام کردارە وەستاوە بۆماوەییە خودییەکان، هەمیشە ڕاستن، چونکە، ئەگەر کەسێك لە سەرەتاوە، «کورد بێت» ئەوا، ساڵانی دواترش هەر کوردە و ناتوانرێت، بڵێین ساڵی داهاتوو «کورد نییە» . کەواتە: بە سود وەرگرتن لە نواندنە درەختییەکان دەتوانرێت یەکسان بوونی ئەم کردارانە ببینرێت، چونکە کردارە وەستاوەکان لەسەر ڕەهەند و جەمسەری

گۆڕانکارییەکان «q» یەك خاڵ دەنوێنن، ئەم ڕاستییەش ڕێگەمان دەدات، کە لەڕێگەی ڕەهەند و جەمسەری کاتەوە «t» بتوانین جۆرەکانی کرداره وەستاوەکان لێك جیا بکەینەوە. (چراغی، 1392: 51).

### 4-1-2. وەستاوە خاڵ (نقطە)ییەکان:

وەچەپۆلی چوارەمی کرداره وەســـتاوەکان بە «point states» ناودەبرێن، ئەم کردارانە هەڵگری حاڵەتێکی کاتی زۆر کەمن و ماوەیەکی زۆر کورتخایەن لەخۆدەگرن، بۆیە، بە «کرداری دەمەکی»ش ناودەبرێن، چونکە تەنیا لە ماوەیەکی دیاریکراودا ڕاستن. بۆ نموونە: کاتێك دەگوترێت: «خۆر لە لوتکەی خۆیدایە.» ئەمە تەنیا بۆ ئەو دەمە ڕاســـتە، چونکە دۆخێکە، کە تەنیا لە خاڵێك لە کاتدا دەخایەنێت و دواتر خۆر بەرەو شـــکانەوە دەچێت. (croft, 2012: 59). هێڵکاری درەختی ژمارە (5) ئەم جۆرە کردارانە دەنوێنێت.




هێڵکاری (5) نواندنی درەختی کرداره وەستاوە خاڵییەکان.

### 2-2. دەمەکییەکان:

پریدیکەیت یاخود کرداره دەمەکی «لحظە» یان چرکەییەکان «Achievements Verbs»، ئەم کردارانە گۆڕینی حاڵەت دەنوێنن و لە یەك مەودای کاتی زۆر کەمدا ڕوودەدەن. واتە: لە ئان و ســـاتێکی کەمدا دەبنە هۆی گۆڕینی باررودۆخێك بۆ حاڵێتێکی تازە و نوێ. (شـــریفی، 1390: 51). لەبەرئەوە نواندنی کۆتایی خودییان هەیە. بەزۆری وەستاوە دەمەکییەکان وەسفی چرکەساتی حاڵەتێك بۆ حاڵەتێکی تازە دەکەن. (Pavey, 2010: 97). ئەم کردارانە تـایبەتمەنـدی کۆکراوەییـان نییە، واتە: لە کۆکردنەوەی دوو ڕووداو بە یەك ڕووداو نـاگەین. بۆ نموونە: ئەگەر کەسێك «کاتژمێر دوو تووشی پێکدادانی سەیارە ببێت» و «کاتژمێر سێ تووشی ڕووداوێکی تری پێکدادان ببێت» واتەی ئەوەیە، کە «دووجـار پێکدادان» ڕوویـداوە. بە بۆچوونی «ولیـام کرافت» ئەم پۆلە کردارە، ئەم وەچەپۆلانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت.

### 1-2-2. دەمەکییە ڕاستەوخۆ گەڕێندراوەکان:

کرداره دەمەکییە ڕاســـتەوخۆ گەڕێندراوەکان «Reversible directed achievements»، ئەم کردار و پریدیکەیتانەن، کە دەتوانرێت لەدوای ئەنجامدانیان دووبارە بۆ حاڵەتی سەرەتا بگێڕدرێنەوە. واتە: حاڵەتی گەڕانەوەیان هەیە بۆ خاڵی ســـەرەتا. بۆ نموونە: لە ڕســـتەی «دەرگاکە کرایەوە.» دەتوانرێت دووبارە دەرگاکە دابخرێتەوە. و بگەڕێتەوە خاڵی سەرەتا. واتە: کردنەوەکە بەردەوامی نییە، بڕوانە: (croft, 2012: 60). وەکو لە هێڵکاری ژمارە (5)دا دەنوێنرێت.




هێڵکاری (5) نواندنی درەختی کرداری دەمەکی ڕاستەوخۆ گەڕێندراوەکان

-2-2 2. کردراه

دەمەکییە ڕاستەوخۆ نەگەڕێندراوەکان:

لەم چەشـــنە کردارانەدا، حاڵەتی بەدەســـتهاتوو، یاخود ئەو کردارەی، کە ئەنجام دراوە، بەشـــێوەیەکی بەردەوام دەمێنێتەوە، وەکو چەشــنی یەکەم «دەمەکییە ڕاســتەوخۆ گەڕێندراوەکان» نین و توانای گەڕانەوەیان نییە. بۆ نموونە: ئەگەر ڕستەی «گۆزەکە شکا.» وەربگرین، ئەوە حاڵەتی شکاوی، کە بەســەر گۆزەکەدا هاتووە، تاکو کۆتایی بەردەوام دەبێت و ناتوانین بیگێڕینەوە بۆ خاڵی ســەرەتا. یاخود «وشــکبوونی درەختێك» بەهەمان چەشــن توانای گێڕانەوە و سەوزکردنەوەیمان نییە. (چراغی، 1392: 52). نواندنی درەختی ئەم چەشنە کردارانە لەسەر هەردوو ڕەهەندی کات و گۆڕانکارییەکان لە وێنەی (6)دا دەخرێتەڕوو.




هێڵکاری (6) نواندنی درەختی کردارە دەمەکییە ڕاستەوخۆ نەگەڕێندراوەکان

2-2-3. دەمەکییە

دەورەییەکان:

کردارە دەمەکییە دەورەییەکان یان دووبارەبووەکان «cyclic achievement or semelfactive»، ئەم کردارانە بەشـــێوەیەکی ئان و ســـاتی و لە ماوەیەکی کاتی کەمدا ڕوودەدەن، بەڵام حاڵەتی گێڕانەوەیان هەیە و دەتوانرێت لەســـەریەك دووبارە بکرێنەوە. بۆ نموونە: «چاوداگرتن» دەکرێت چەند جارێك هەمان کردە دووبارە بکرێتەوە. یان «هاوارکردن، چەپڵەلێدان» ناوی ئەو کردارانەن، کە توانای ئەوەیان هەیە زیاتر لە جارێك بەدوای یەکدا ڕووبدەن. (Croft, 2012: 58).




هێڵکاری (7) نواندنی درەختی کردارە دەمەکییە دەورییەکان

بە لەبەرچاوگرتنی کردارە دەمەکییەکان، دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە تایبەتمەندیی هاوبەشی نێوان هەرسێ وەچەپۆلەکە، بریتییە لە: بوونی خاڵێکی هاوبەش لەسەر ڕەهەند یاخود جەمسەری کات «t»، خاڵی جیاوازیشیان ئەوەیە، کە لە سەر جەمسەر یاخود ڕەهەندی گۆڕانکارییەکان «q» بەشێوەی جیاواز دەردەکەون. لە پۆلی یەکەمدا «کردارە دەمەکییە ڕاستەوخۆ گەڕێندراوەکان»، ئەنجامی بەدەستهاتوو، کاتییە و دەکرێت بگەڕێندرێتەوە، بەڵام لە پۆلی دووەمدا «کردراە دەمەکییە ڕاستەخۆ نەگەڕێندراوەکان»، ئەو ئەنجامەی، کە بەدەستدێت، هەمیشەییە؛ هەروەها لە هەردوو وەچەپۆلەکەدا حاڵەت و ئەنجامی کردار لەسەر هێڵکارییە درەختییەکە خاڵی جیاواز لەچاو دۆخی سەرەتا نیشاندەدرێن. جیاوازی نێوان وەچەپۆلی سێیەم «دەمەکییە دەورەییەکان»، لەگەڵ ئەم دوو وەچەپۆلەی تر ئەوەیە، کە توانای دەرکەوتنی لەگەڵ ئاوەڵکرداری ماوەیی «بۆ ماوەی» دەبکەوێت. بۆ نموونە: «منداڵەکە بۆ ماوەی نیو کاتژمێر گریا»، هەروەها جیاوازی کردارە گەڕێندراوەکان لەگەڵ نەگەڕێندراوەکان، ئەوەیە، کە لەم کردار و پریدیکەیتانە ئەگەری گەڕانەوە بۆ حاڵەتی سەرەتا بوونی هەیە. (چراغی، 1392: 53). بۆ نموونە ئەگەر ڕستەی «دەرگای خوێندنگاکان داخراون.» وەربگرین؛ دەتوانین؛ پێشبینی ئەوە بکەین، کە لە داهاتوودا دەرگاکان بکرێنەوە؛ بەڵام ئەم پێشبینییە بۆ ڕستەیەکی وەکو: «گوڵەکان وشك بوون.» ناکرێت، چونکە گوڵێك، کە وشکبوو، ئیتر دووبارە توانای سەوزبوونەوەی نییە؛ هەروەها دەتوانین هەردوو ڕستەکە لەگەڵ ئاوەڵکرداری بۆماوەی «تا یەك کاتژمێری تر» بخەینەڕوو. «تا یەك کات ژمێری تر دەرگای بانك دەکرێتەوە»؛ «* تا یەك کاتژمێری تر گوڵەکان سەوز دەبنەوە»؛ بوونی هێمای ئەستێرە (*) ناڕێزمانی بوونی ڕستەکە نیشاندەدات، چونکە ئەم چەشنە کردارە توانای دەرکەوتنی لەگەڵ ئاوەڵکرداری بۆماوەی «یەك کاتژمێر» نییە. (croft, 2012: 59-60)

## 3-2. کردارە چالاکییەکان:

کردارە چالاکییەکان «Activity verbs»، ئەم کردارانە، هەڵگری سیمای [+ داینامیکی]ن و لەڕووی کاتەوە وەکو کردارە وەستاوەکان سنوردار نین «Temporally Unbounded». (حسنلوئی، 1388: 48). ئەم کردارانە بەوە جیادەکرێنەوە، کە هەڵگری چەند تایبەتمەندییەکن. لەوانە: تایبەتمەندیی کۆکراوەییان هەیە. واتە: ئەگەر کەسێك لە «کاتژمێر 5 تاکو 6» وەرزشبکات، هەروەها لە «کاتژمێر 6 تاکو 7»یش وەرزش بکات دەتوانین بڵێین: «کەسەکە لە کاتژمێر پێنجەوە تاکو حەوت وەرزشی کردووە.» بەمە دەگوترێت تایبەتمەندیی کۆکراوەیی. کردارە چالاکییەکان هەڵگری سیمای [+ قۆناغ]ن و دەکرێ نواندنی بەردەوامییان هەبێت؛ هەروەها دەتوانن لەگەڵ ئاوەڵکردارەکانی بەتوندی «vigorously» و بەوزەوە «energetically» دەربکەون. (ترابی، 1392: 38).

### 1-3-2. چالاکییە ڕاستەوخۆکان:

کردارە چالاکییە ڕاستەوخۆکان «directed activity»، لەم وەچەپۆلەدا ڕووبەڕووی دوو پرۆسەی بەردەوامی و ڕەهابوون دەبینەوە. واتە: حاڵەتێکی سەرەتایی لە کردارەکانی سەر بەم وەچەپۆلەدا لە پێش دەستپێکردنی کردەکەدا هەیە، کە «ولیام کرافت» بە «دۆخی پشوو» ناوی دەبات و لەدوای ئەوە گواستنەوەی حاڵەت لە دۆخی پشووەوە، بۆ سەرەتای ڕووداو دەستپێدەکات. لەم جۆرە کردارانەدا هەر وەکو لە هێڵکاری (8)دا دەبینرێت، لەسەر ڕەهەندی گۆڕانکارییەکان «q»، چالاکی بەشێوەی ڕاستەوخۆ بەردەوامی هەیە و دۆخی بەرزی و نزمییان نییە و یەك هێڵی ڕاستەوخۆی دیاریکراویان هەیە. (croft, 2012: 61). بۆ نموونە لە ڕستەی«شۆرباکە ساردبۆوە.»دا، کرداری «ساردبۆوە»؛ ئەگەر پلەی گەرمی پێویستی هەبێت، ئەوا ئەم کردارە چالاك دەبێت. واتە: توانای بەردەوامی هەیە، بەڵام ئەگەر پلەی گەرمی پێویستی نەبوو، ئەوا دەبن بە کردارێکی کۆتادار و دەکەونە ژێر کەتیگۆرییەکی تر. «Accomplishments». چونکە بە پلەی گەرمی کۆتایی، کە لە مێشکی ئێمەدا هەیە، دەگەن. «کرافت» نواندنی درەختی ئەم چەشنە کردارانە لە هێڵکاری ژمارە (8)دا دەخاتەڕوو.




هێڵکاری (8) نواندنی درەختی کردارە چالاکیە ڕاستەوخۆکان

## 2-3-2. چالاکییە ناڕاستەوخۆکان:

چـالاکییە نـاڕاســـتەوخۆکـان «indirected activity»، ئەم کردارانەن، کە زینۆ ڤـانـدلێر و چەنـد زمـانەوانێکی تر، وەکو بەشـــێك لە کردارە چالاکییەکانیان هەژمـاریـان دەکەن، هەروەها لای کرافت وەچەپۆلی دووەمی کردارە چـالاکییەکـان پێکدێنێت، ئەم کردارانە هەڵگری پرۆســـەی بەردەوامی و ئـازادن، بە پێچەوانەی چالاکییە ڕاستەوخۆکان نیشاندەری یەك گۆڕانکاری ڕاستەوخۆ و بەند لەسەر ڕەهەندی گۆڕانکارییەکان «q»، نین و ناتوانن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەردەوام بن، لەم کردارانەدا جگە لە قۆناغی سەرەتایی «دۆخی پشوو – rest states»، دوو قۆناغی تر لەســـەر ڕەهەندی «q» هەن، کە پێشـبینی کراون لەنێوان ئەم دوو قۆنـاغی تر لەســەر ڕەهەندی گۆڕانکارییەکان «q» هەن. چالاکی پێشـبینیکراو لەنێوان ئەم دوو قۆناغە بەشـێوەی هێڵێکی ڕاسـت نییە، بەڵکو بەرزی و نزمی تێدایە «zigzag line». (چراغی، 1392: 56).




هێڵکاری (9) نواندنی درەختی کردارە چالاکییە ناڕاستەوخۆکان.

لەم جۆرە کردارانەدا ئەو هەنگاوانەی، کە لەســـەر ڕەهەندی «q»دا خراونەتەڕوو، ناتوانرێت بەشێوەیەکی ڕێکخراو ڕێکبخرێن، کە بە درێژایی کات یەك گۆڕانکاری ڕاســـتەوخۆ و پلەبەندیکراو «incremental» بنوێنن. هەرچەندە لەســـەر نواندنە درەختییەکەدا لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر دەنوێنرێن، بەڵام ئەگەر گریمانەی ئەوە بکرێت، کە هیچ ئەنجامێك لەبەرچاو نەگیرێت. ئەم کردارانە بەشـێوەی ڕاسـتەوخۆ ئەنجامەکانیان پێشبینی ناکرێت. وەك لە ڕستەی «عەرەب و جولەکە چەندین ساڵە بەیەکەوە شـــەڕ دەکەن.»دا دەبینرێت. جیاوازی ســـەرەکی هەردوو جۆری کردارە چالاکییە ڕاســـتەوخۆ و ناڕاســـتەوخۆکان ئەوەیە، کە لە جۆری ڕاســـتەوخۆدا پرۆســـێســـی گەیشـــتن بە ئەنجامی کردار دەتوانرێت ببینرێت و پێوانەبکرێت. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کە ئەم جۆرە کردارانە توانای وەڵامدانەوەی ئەرێنییان بۆ پرسیارێکی لە چەشنی «چەند دەخایەنێت تاکو کردارەکە ئەنجام بدرێت» هەیە. وەك لە ڕستەی «چەند کاتی دەوێت تاکو شۆرباکە سارد ببێتەوە؟» بەشـێوەیەکی گشـتی کردارە چالاکییەکان چ ڕاسـتەوخۆ بن یان ناڕاسـتەوخۆ، پرۆســـەیەکی بەردەوامن و قۆناغە نوێنراوەکان لەســـەر هەم لەســـەر ڕەهەندی «t» و هەم لەســـەر ڕەهەندی «q» لەم ڕوانگەیەوە لەگەڵ کردارە وەســـتاوەکان لێك جیاوازن، کە لەســـەر ڕەهەندی «q» بەشـــێوەی یەك خاڵ «نقطە» نوێنراون و لەگەڵ کردارە

دەمەکییەکان جیاوازیان ئەوەیە، کە لەسەر ڕەهەندی «t» بەشێوەی خاڵ «نقطە» خراونەتەڕوو. ( croft, 2012: 61-62) و (Kalm, 2016: 11)

## 4-2. کردارە بەجێهاتووەکان:

کردارە بەجێهاتووەکان «Accomplishments»، ئەمە لای کرافت کۆتا پۆلە. بەپێی پۆلێنکارییەکەی زینۆ ڤاندلێر، ئەم پۆلە هەڵگری سیمای [± کۆتاداری] و [± قۆناغ]ن. هەروەها بەپێی بۆچوونی « Sausan Rothstein»، «چاککردنەوە، لێنان، خواردن، سوتان، ناردن، کڕین، دروویین، چنین، نووسین، نۆژەنکردنەوە» ناوی ئەم کردارانەن، کە سەر بەم پۆلە کردارەن و هەڵگری سیمای [+کۆتاداری] و [+قۆناغ]ن. ( Rothstein, 2004: 21 ). ئەم کردارانە، بەوە دەناسرێنەوە، کە هەڵگری تایبەتمەندیی، نایەکسان و ناهاوتان. واتە: ئەنجامدانی بەشێك لە کردار، دەلالەت لە هەموو ڕووداوەکە ناکات. بۆ نموونە: «دروستکردنی بەشێك لە خانوو» دەلالەت لە هەموو ڕووداوی «دروستکردنی خانوو»ەکە ناکات. تایبەتمەندییەکی تری ئەم کردارانە ئەوەیە، کە کۆتادارن. واتە: بەرەو خاڵی کۆتایی و ئەوپەڕی حاڵەت هەنگاو دەنێن. هەروەها هەڵگری سیمای [- بەردەوامی]ن و توانای بەردەوامییان نییە. بۆ نموونە لە ڕستەی «منداڵەکە شیرەکەی خواردەوە.»دا کردەی خواردنەوەی شیرەکە کۆتایی هاتووە و ئەگەر دووبارە کوپێك شیری تر بخواتەوە، واتەی ئەوەیە، کە ڕووداوێکی تر دەستی پێکردووە و جیایە لەوەی یەکەم. کەواتە: بەگشتی ئەم جۆرە کردارانە سێ قۆناغی نواندنیان هەیە:

1. قۆناغی دەستپێك.
2. قۆناغی تەواوکردن.
3. قۆناغی گۆڕانکاری.

بوونی قۆناغی دەستپێك و تەواوکردن دەبێتە هۆی ئەوەی، کە کردارە بەجێهاتووەکان، بە کرداری بەند ناوبنێین" چونکە ڕوداوی بەند، ڕووداوێکە، کە تیایدا هەنگاوەکانی تێپەڕین؛ واتە: هەنگاوەکانی سەرەتا و کۆتایی نیشاندەدرێن. لەم چەشنە کردارانەدا. قۆناغی دەستپێك و تەواوکردن لەیەك جودان، کە ئەمەش پێچەوانەی کردارە دەمەکییەکانە، کە تیایاندا قۆناغی دەستپێك و تەواوکردن لەیەك جیا نین. کرافت، ئەم کۆمەڵەیە بۆ دوو وەچەپۆل دابەشدەکات، کە پێکدێن لە:

### 1-4-2. بەجێهاتووە ڕاستەوخۆکان:

بەجێهاتووە ڕاستەوخۆکان «directed accomplishment»، ئەم وەچە پۆلەیە، کە تیایدا پرۆسێسی گەیشتن بە ئەنجام بەشێوەی ڕاستەوخۆیە و لە سەرەتای دەستپێکەوە تاکو هەنگاوی کۆتایی یەك بەرەوپێشچوونی وەك یەك بۆ گەیشتن بە ئەنجام هەیە. «کرافت» ئەم چەشنە کرداران لە هێڵکاری درەختی (10) دا دەنوێنێت. بۆ نموونە: «لەماوەی دوو هەفتەدا یاریگاکەیان دروستکرد.» یاخود «هەموو کەلوپەلەکانی لەناو سەیارەکەدا سوتا.» ئەم چەشنە کردارانە لەسەر هەردوو ڕەهەندی «t» و «q» بەمشێوەیە دەنوێنرێن. (چراغی، 1392: 58).




هێڵکاری (10) نواندنی درەختی کردارە بەجێهاتووە ڕاستەوخۆکان.

### 2-4-2. بەجێهاتووە ناڕاستەوخۆکان:

کردارە بەجێهاتووە ناڕاستەوخۆکان «indirected accomplishments»، لەم کردارانەدا وەکو بەجێهاتووە ڕاستەوخۆکان سەرەڕای بوونی قۆناغی دەستپێك و کۆتایی، قۆناغی ناوەند بەشێوەی ناڕاستەوخۆ هەیە. واتە: پرۆسێسی گەشەسەندن و گەیشتن بە ئەنجامی کردار بەشێوەی ڕاستەوخۆ پێوانە ناکرێت. جیاوازی ئەم چەشنە کردارانە لەگەڵ دەمەکییەکان ئەوەیە، کە دەمەکی نین، هەروەها جیاوازییان لەگەڵ بەجێهاتووەکانی تر ئەوەیە، کە بەرەو زیادبوون «incremental» نین. «چاککردنەوە» و «گەڕان» نموونەی ئەم کردارانەن؛ کە نواندنی درەختیان لەسەر هەردوو ڕەهەندی «t» و «q» لە هێڵکاری ژمارە (11)دا دەخرێتەڕوو. (Croft, 2012: 62).




هێڵکاری (11) نواندنی درەختی کردارە بەجێهاتووە ناڕاستەوخۆکان.

بەگشتی جیاوازی بە جێهاتووە ڕاستەوخۆکان و ناڕاستەوخۆکان ئەوەیە، کە بەجێهاتووە ڕاستەوخۆکان توانای ئەوەیان هەیە پرۆسێسی گەشەسەندنیان پێوانەبکرێت.

## ئەنجام

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1. لە هەردوو چەشنی کردارە چالاکییە ڕاستەوخۆ و بەجێهاتووە ڕاستەوخۆکاندا دەتوانرێت پرۆسێسی گەشەسەندن و گەیشتن بەئەنجامی کۆتایی کردار پێوانەبکرێت.

2. کردارە دەمەکییەکان هەڵگری سیمای کۆکراوەیین، بەڵام لە کردارە چالاکییەکاندا ئەم سیمایە بەدیناکرێت.

3. کرداره وەستاوەکان، بە سەرجەم چەشنەکانەوە، بەپێی نواندنی درەختی و لەسەر ڕەهەندی «q» تەنیا یەك خاڵ بەدی دەکرێت، بەهۆی ئەوەی لە دروســـتەی نـاوەکی کردارەکاندا هیچ گۆڕانکارییەك نییە. ئەوەی ئەم چەشـــنە کردارانە لەیەکتر جیادەکاتەوە، ئەوەیە، کە لەســـەر ڕەهەندی «t» هەر یەکێك لەمانە ماوەیەکی دیاریکراوی کاتی خایەنراوی پێویستە.

4. لە ســـەرجەم کرداره دەمەکییەکاندا یەك خاڵی هاوبەش لەســـەر ڕەهەندی «t» هەیە، ئەو جیاوازییەی، کە هەیە دەکەوێتە سەر ڕەهەندی گۆڕانکارییەکان.

5. لە کرداره چالاکییە ناڕاستەوخۆکاندا ئەو هەنگاوانەی لەسەر ڕەهەندی «q» نوێنراون، بەشێوەیەکی ڕێکخراو، ڕێکناخرێن و بەدرێژایی ڕەهەندی «t» گۆڕانکارییەکەیان ڕاستەوخۆ و پلەبەندیکراو نییە.

**سەرچاوەکان**


ترابی، مریم (1392) **انضمام مفعول در زبان فارسی: يك بررسی نقشگرا**، پایاننامه کارشناسی ارشاد، دانشگاه اصفهان، دانشکده زبان های خارجی گروه زبان شناسی.

دانش پژوه، فاطمه (1393)، **ساخت به اصطلاح مجهول در زبان کردی (کرمانجی، سورانی)**، پایان نامه دکتری، دانشگاه پیام نور، بخش ادبیات و زبانهای خارجی.

حسنلوئی، حسین رسول پور (1388) **بررسی جملات مرکب در زبان فارسی بر پایەی نظریەی «دستور نقش و ارجاع»**، پایان نامه کارشناسی ارشاد، دانشگاه فردوسی شهید-دانشکده ادبیات و علوم انسانی دکتر علی شریعتی.

چراغی، زهرا (1392)، طبقەبندی افعال زبان فارسی بر اساس ساخت رویدادی و نمودی، پژوهشهای زبانی، سال٤، شمارهء2.

خانی، منا (1396)، **کارکرد و بسامد وضعیت ساخت اطلاعی ساختهای نحوی نشاندار: رویکردی پیکرەبنیاد**، پایان نامه کارشناسی ارشد، دانشگاه علامه طباطبائی، دانشکده ادبیات فارسی و زبانهای خارجی.

ساغری، زهرا (1391) **بررسی چرائی و چگونگی حضور افزوده های (اختیاری و اجباری) فارسی در چهارچوب دستور نقش و ارجاع**، پایاننامه کارشناسی ارشاد، دانشگاه آزاد اسلامی واحد تهران مرکزی، دانشکده زبان های خارجی.

شریفی، عبدالرحیم (1390) **طبقه بندی نمودی فعلهای زبان فارسی بر اساس دستور نقش و ارجاع**، پایان نامه کارشناسی ارشاد، دانشگاه اصفهان، دانشکده زبانهای خارجی گروه زبانشناسی، اصفهان.

مکارمی، ژاله، رضایی، شجاع تفکری و رضایی، والی (1399)، **تعامل افعال ایستا و نمودهای دستوری در زبان فارسی؛ رویکردی نقشگرا**، نشریه پژوهشهای زبان شناسی، سال دوازدهم، شماره دوهم، شماره ترتیبی23، صفحه 77-96.

معزی پور، فرهاد (1388)، **بررسی ساخت اسنادی ساز در زبان فارسی بر پایه دستور نقش و ارجاع**، پایان نامه کارشناسی ارشد، وزارت علوم، تحقیقات و فناوری پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی مدیریت تحظیلات تکمیلی پژوهشکده زبان شناسی.

هوشمند، مژگان (1393)، **تعدی در زبان فارسی: تحلیلی نقشی- ردەشناختی**، پایان نامه کارشناسی ارشد، دانشگاه اصفهان، دانشکده زبانهایی خارجی، گروه زبانشناسی.


**المصادر والمراجع**


ترابي، مريم (1392هـــ.ش/2013م) .دمج المفعول في اللغة الفارسية: دراسة وظيفية .رسالة ماجستير، جامعة أصفهان، كلية اللغات الأجنبية، قسم اللسانيات.

دانشپژوه، فاطمة (1393هـ.ش/2014م) .البنية المسماة بالمبني للمجهول في اللغة الكردية (الكرمانجية والسورانية) .أطروحة دكتوراه، جامعة بيام نور، قسم الآداب واللغات الأجنبية.

حسنلوئي، حسين رسولبور (1388هـ.ش/2009م) .دراسة الجمل المركبة في اللغة الفارسية في ضوء نظرية "قواعد النحو الوظيفي والإحالة .(Role and Reference Grammar) "رسالة ماجستير، جامعة فردوسي مشهد، كلية الآداب والعلوم الإنسانية (الدكتور علي شريعتي).

چراغي، زهرا (1392هـ.ش/2013م) .تصنيف أفعال اللغة الفارسية على أساس البنية الحدثية والمظهر (Aspect).مجلة البحوث اللغوية، السنة الرابعة، العدد الثاني.

خاني، منا (1396هـ.ش/2017م) .وظيفة وتكرار حالة البنية المعلوماتية في التراكيب النحوية الموسومة: مقاربة قائمة على المدونة اللغوية .رسالة ماجستير، جامعة العلامة الطباطبائي، كلية الآداب الفارسية واللغات الأجنبية.

ساغري، زهرا (1391هـ.ش/2012م) .دراسة أسباب وكيفية حضور المتممات (الاختيارية والإلزامية) في اللغة الفارسية في إطار نظرية النحو الوظيفي والإحالة .رسالة ماجستير، جامعة آزاد الإسلامية – فرع طهران المركزي، كلية اللغات الأجنبية.

شريفي، عبدالرحيم (1390هـ.ش/2011م) .التصنيف المظهري لأفعال اللغة الفارسية في ضوء نظرية النحو الوظيفي والإحالة .رسالة ماجستير، جامعة أصفهان، كلية اللغات الأجنبية، قسم اللسانيات.

مكارمي، جالة؛ رضائي، شجاع تفكري؛ رضائي، والي (1399هـ.ش/2020م) .تفاعل الأفعال الساكنة (الحالية) والمظاهر النحوية في اللغة الفارسية: مقاربة وظيفية .مجلة البحوث اللسانية، السنة الثانية عشرة، العدد الثاني، العدد التسلسلي (23)، ص 77–96.

معزي بور، فرهاد (1388هـ.ش/2009م) .دراسة البنية الإسنادية في اللغة الفارسية على أساس نظرية النحو الوظيفي والإحالة .رسالة ماجستير، وزارة العلوم والبحوث والتكنولوجيا، معهد العلوم الإنسانية والدراسات الثقافية، إدارة الدراسات العليا، معهد اللسانيات.

هوشمند، مژگان (1393هـ.ش/2014م) .التعدية في اللغة الفارسية: تحليل وظيفي-تصنيفي .(Typological) رسالة ماجستير، جامعة أصفهان، كلية اللغات الأجنبية، قسم اللسانيات.

## References

Croft William (2012), **Verbs: Aspect and Causal Structure**, Oxford University Press.

Comrie, Bernard (1976), **Aspect (An introduction to the study of verbal aspect and related problems.)** Cambridge university press.

Dowty, David Roach (1979), **Word meaning and Montague grammar**. Dordrecht Reidel.

Kalm, Pavlina (2016), **Annotation of Causal and aspectual Structure of events in RED: a Preliminary**, Conference Paper, University of New Mexico.

Kenny, Anthony (1963), **Action, emotions and will**. London: Routledge and Kegan Paul.

Levin Beth and Rappaport Malka (2005), **Argument Realization**, Published in the United States of America by Cambridge University Press, New York.

Pavey Emma Louise (2004), **The English It-Cleft Construction: A Role and Reference Grammar Analysis**, Thesis submitted for the degree of Doctor of Philosophy, University of Sussex.

Pavey Emma Louise (2010), **The structure of language an introduction to grammatical analysis**, published in the United States of America by Cambridge University Press, New York.

Rothstein Susan (2004), **Structuring Events: A Study in the Semantics of Lexical Aspect**. Blackewll Publisher.

Ryle, Gilbert (1949), **The concept of mind**. London: and Nobles.

Smith Carlota S.: (1997), **The Parameter of Aspect, Department of Linguistics,** University of Texas, Second Edition.